
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8:00 11-10-2006

# بانگەواز: غەدرێکی گەورە لە بابۆ سەرووت ئەنوەر سەوز دەکەن ئەم مرووڤە تەنها دەیەوێت لەم وڵاتە وێرانەدا بخوێنێت ... ئاسۆ جەبار



بابۆ هیچی ناوێت، نەداوای تەلارتان لێدەکات، نەداوای کارەبا و ئاو و سوتەمەنی دەکات، نەداوای ئەوە دەکات بەنزینخانەیەکی بدەنی، نە داوای ئەوە دەکات چەند دەفتەر دۆلارێك کە بە دیاری دەیدەن بە هەندێك دوَست و ئەحبابی خوَتان، نەداوای زەوی کردووە، نەداوای سەیارەی کردووە، نەداوای پارەوپولەکانتان دەکات، هیچی ناوی لێتان تەنها دەیەوێت بخوێنێت، رازییە بەم وڵاتە بی ساحەبە، رازییە بەم وێرانەیە کە ناوی ژیانە، رازییە بەبی کارەبایی و بەبی ژیانێکی ئاسودە تەنها دەیەوێت بخوێنێت، بەڵام دیارە ئێوەی دەسەڵاتی بێباك و کەمتەرخەم و بی هیوا و بی خەون و بی پرۆژە و بی بەرنامە گرنگ نییە بەلاتانەوە کی دەیەوێت بژی و کی دەیەوێت وەك مرۆڤ مافی خوێندنی هەبێت.

بابۆ خوازیار بوو روَژێك لە روَژان لەبواری هونەردا بخوێنێت، هەرچەند ئەم کورە پاش مەرگی ناوادەی ئەو باوکە روح جوانەی و سەرباری باری قورسی ژیانی و بەخێوکردنی دیەی خوشکی و زاموَی برای، خوَی ئامادەکرد بۆ تاقیکردنەوەی خاریجی و هەرچوَنێك بوو دەرچوو، بەڵام بەداخەوە هیچ شوێنێك وەرینەگرت، لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان فوَرمەکەیان دەرهێنابوو، بۆئەوەی بابۆ نەچێتە لیستی ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت، بەداخێکی زوَرەوە بابۆ زوَر لەوە بەتواناترە کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا نەکرێت، دواتر بەناچاری فوَرمی پەیمانگەی کۆمپیوتەری سلێمانی وەرگرت، ئەوانیش غەدریان لێکرد و نەیانخستە نێو لیستی ئەوانەی کە دەبێت تێست بکرێن، لەکاتێکدا بابۆ چەند ساڵێك هەر ماموَستای کوَپیوتەر بووە، هاوکات شارەزای زوَرێك لەبەرنامەکانی کۆمپیوتەرە وەك بەرنامە بنەڕەتییەکانی وەك: (PowerPoint، adobe edition، Photoshop، Word، Exile

هەروەها شارەزاییەکی زوَرباشی هەیە لە بەرنامە دابەزاندن و فوَرمات و دیزایندا، بەڵام غەدرێکی گەورەیان لێکرد و نەیانهێشت وەك مروَڤێك کە تامەزروَی ئەوەیە بخوێنێت و خزمەت بکات.

ئازیزان ئەم حکومەت و دەسەڵاتە زوَر غەدریان لە سەرووت ئەنوەر سەوزی باوکی بابۆ کرد تا چاوی لێکنا کرێچی بوو، کەسێك لای لێنەکردەوە وەك هونەرمەندێکی شێوەکار یارمەتی بدەن و شتێك لە قورسایی ژیانی لەکوَل بکەنەوە، خەریبوو تابلوکانی دەرزاو کوَراسێکیان بۆ دروستنەکرد.

ئەم بانگەوازە بۆ هەموو ئەو مروَڤدوَست و کەسە ئازیزانەیە کە هەست بەو غەدرە ناشرینە دەکەن کە بەرامبەر بابۆ کراوە و بەرامبەر زوَرێك لەو گەنجانەی کوردستان دەکرێت کە دەیانەوێت وەك ئینسان بژین و بخوێنن، بەڵام دەرفەتیان نادری و بێهیوا دەکرێن، هیوادارم بەهەمومان فشارێك دروستبکەین بۆ ئەوەی بابۆ لە یەکێك پەیمانگاکان وەربگیرێت و بخوێنێت.